# بەشی شێوەکاری
# لقی پەیکەرسازی
# کۆلێژی هونەرەجوانەکان
# زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
# بابەت : پە یکە ری دامە زراو
# پەرتووکی کۆرس – بۆ قۆناغی سێ
# د. ئازاد کریم محمد
# ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣ ـ ٢٠٢٤
# سیمستەری : دووەم

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | پەیکەری دامەزراو |
| 2.ناوی ماموستای بەر پرس | د. ئازاد کریم محمد |
| 3. بەش/ کۆلێژ | بەشی شێوەکاری / لقی پەیکەرسازی / کۆلێژی هونەرەجوانەکان |
| 4. پەیوەندی | azad.mohammed@su.edu.krd |

| | |
|---|---|
| | ژمارەی تەلەفون: ٠٧٥١٢١٨٨٢٢٧ |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | بۆ نموونە تیۆری: ٢<br>پراکتیک: ٤ |
| **6. ژمارەی کارکردن** | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ لە هوڵی وانەوتنەوە لە ماوەی هەفتەیەکدا یەک وانەیە کە ئەکاتە (٦) کاتژمێرە، ٤ کاتژمێر ستۆدیۆ پارکتیک ئەبێت وە کاتژمێر تیۆری ئەبێت ٢<br><br>سەرجەم وانەکانی ئەم سیمستەرە 14 وانە یە |
| **7. کۆدی کۆرس** | پەیکەری دامەزراو |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | • - لە ساڵی١٩٦٦ لەشاری هەولێرلە دایک بووە<br>• لە ساڵی ١٩٧٢ تا١٩٧٩قۆناغی سەرەتایی لەقووتابخانەی هەڵاڵە و ئەربیل اولی لە شاری هەولێردا خوێندوە<br>• لە ساڵی ١٩٧٩ تا١٩٨٦ قۆناغی ئامادەی لە قووتابخانەی رزگاری لە شاری هەولێردا خوێندوە.<br>• لە ساڵی ١٩٨٦ تا١٩٩٢ لە ئەکادیمیای هونەرجوانەکانی بغداد لە بەشی شێوەکاری /لقی پەیکەرسازی پلەی بەکالۆریۆسی بە پلەی زۆرباشە لە شاری بغداد خوێندوە<br>• لە ساڵی ١٩٩٢ وەک دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری هەولێر, وە هەروەها مامۆستای هونەربووە لە هەمان پەیمانگادا.<br>• لە ساڵی ١٩٩٣ تا ١٩٩٥مامۆستای هونەربووە لە ناوەندی جمهوری کوران لە شاری هەولێر.<br>• لە ساڵی ٢٠٠٩ تا٢٠١١ لە سکوڵی هونەرجوانەکانی میما لە زانکۆی تیسایدی شاری میدلسبرۆی بەریتانیادا پلەی ماستەری بە پلەی ناياب پێدراوە ، وە دوو خەلاتی ئەکادیمیی وەرگرتوە.<br>• لە ساڵی ٢٠١٦ تا ٢٠٢٢ لە سکوڵی هونەرجوانەکانی میما لە زانکۆی تیسایدی شاری میدلسبرۆی بەریتانیادا پلەی دکتۆرای بە پلەی ناياب پێدراوە.<br>• لە ساڵی ٢٠١٤ وەک دامەزرێنەرە و بەڕێوەبەری گالەری سابات لە شاری میدڵسبرۆی بەریتانیادا بەردەوامە لەکارکردن. |
| **9. ووشە سەرەکیەکان** | -تاقیکردنەوەی ستۆدیۆ و مەترسیەکان. مەتیریاڵ ، پراکتیکی ستۆدیۆیی ، گفتوگۆکردن و دانوستان. پرۆسەی پلاندانان ،کات ،بوجە ، |

| پۆرتفۆلیۆ وسی ڤی- <br> . دوێکومەندکردن. سمینار | |
|---|---|

## 10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس

پرۆسەی خوێندنی بابەتی پەیکەری دامەزراو لەم کۆرسەدا زۆر گرنگە
لە سەرەتادا هەر کارێکی هونەری سەرکەوتوو سەرنجراکێش بەها بەرز لە رووی یەک گرتوویی هزرو تکینیک ومەتیریاڵەوە هۆکارەکەی ئەگەرێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی تۆکمە لەیاساکانی دارشتن وتوخمەکانی و برۆسەی کرداری دارشتن .لە م کورسەدا خوێندکار بەتەواوی فێری پرۆسەی دامەزراندنی بەرهەمی هونەری مۆنۆمێنتی لەدەروەی هۆلی گەلەریەکانەوە ئەبێت بە شێوەی گشتی لە هونەری بینراو وە بەتایبەتی لە پەیکەرسازیدا بە هەردوو شێوازەکەیەوەوە بەرجەستە وە دیواربەندی.
هەڵبەتە قووتابی هونەر لەگەل هەوڵ و کۆششی خۆی کۆی زانیاریەکانی تری مامۆستای وانە کە دەبێتە هۆکاری سەرکی بۆ متمانە بوون بەخۆی نەک تەنها لە بواری کلتورو هونەردا وەک هونەرمەند بەڵکو وەک پەیکەرتاشێکی کارامەی بیرکەرو بکەر وە هەڵگری پۆرت فۆلیۆیکی باش بۆ دابین کردنی هەلی کار لە بواری پیشەسازی کلتوردا لە دوای کۆلێژ دا

## 11. ئامانجەکانی کۆرس

ئامانجەکانی ئەم کۆرسە فێربوون وەک پێوەرێک بۆ پەرەپێدان و پرۆسەی ووردکاری بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی فێرخوازەکان لە کاتی تەواوکردنی کۆرسکەدا کارامەیی و زانیاری وەکو کەسێکی پرۆفیشنال بەدەست بهێنن لە م بابەتەدا.
وەک :
١- پرۆسەی هزری بەرەوپێش دەبەن
.٢-پرۆسەی تێگەیشتن لەمەتیریاڵی جیاجیا ،کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پراکتیکی ستودیۆیی بەردەوام
٣-تاقیکردنەوەی ستودیۆ و مەترسیەکان هاندەدرێت لەکاتێکدا هۆشیاری لە بواری پیشەیی و چۆنێتی ئاگاداربوونەوەلە .رەوتە مێژوویی و هاوچەرخەکانی هونەری پەیکەرسازی
. ٤-پرۆسەی پلاندانانی پرۆژە ی هونەری
.٥-پلاندانانی کات
.٦-پلاندانانی بوجە
٧-گفتوگۆکردن و دانوستان
٨-جۆنیەتی ئامادەکردنی پۆرتفۆلیۆ وسی ڤی
.٩-ئامادەکردنی سمینار
-10 بە دوێکومەندکردنی پرۆسەی پرۆژەکە وەک( فۆتۆگراف، سکێج، جاوپێکەتنی میدیایی ، رۆژنامە....هتد
لە کۆتایی پرۆگرامی ئەم کۆرسەکە خوێنکارفێری پرۆسەی دامەزراندنی پەیکەر کە ئەمەش راستەو خۆ دەبێتە هۆی بەدەست هەێنانی کارامەیی پیشەیی تەواو کە ئەمەش راستەو خۆدەبێتە بەدەست هێنانی متمانەکەردن بەخۆ بۆ دامەزراندن و هەلی کار لە سەکتەرە تایبەتیەکاندا وە هەروەها بۆ بەردەوام بوون بۆخوێندنی ئاست بەرزتر.

## 12. ئەرکەکانی قوتابی

- قووتابی پێویستە ئامادەبێت لە سەرجەم وانەکاندا جونکە بەردەوام بوونی بۆ پرۆسەی فێربون تەنها رێگایکە بۆ بەرزبونەوەی ئاستی زانیستی لە رووی تیۆری وپراکتیکدا کە ئەمەش ڕاستەوخۆکاردانەوەی بەسەر
  ئاستی پۆزەتیفی تاقیکردنەوە کاندا دەبێت
- قووتابی بە بەردەوامی پێویستە بەشداربێت یاخود سەردانی جالاکیەدەرکی یەکان وەک سەردانی پێشەنگاکانی ناوەوە دەرەوەی کۆلێج وەهەر وەها ئامادەبوونی لە کۆرو سیمینارەکاندا
- قووتابی بە بەردەوامی پێویستە هێلکاری بکات وەک )هۆم ۆرک (وە بەشداری بکات لەگەل مامۆستاو هاورێکانی بۆ تێبینی وخوێندنەوەی گفتوگۆکردنێکی بابەتی و رخنەیی
- قووتابی جگە لە تاقیکردنە وەک ئەرکێک دەبێت راپۆرت نووسێن وسیمینار بە شێوێکی رخنەیی لەسەر دارشتن ودامەزراندنی پەیکەر وەهەروەها خوێندنەوەی رخنەیی بۆبەرهەمە هونەریەکانی هونەرمەندانی تر .

- قووتابی دەبێت سیمینارێک بە پاوەربۆینت پێشکەش بکات لەسەر ئەو بەرهەمە ی کە ئەنجامی داوە لە کاتی پرۆسەی وپراکتیکی

.

- قووتابی پێویستە خاوەنی پۆرت فۆلیۆ سیڤی خۆی بێت کە ئەمەش وائەکات خوێندکار وەک داتایکی زانیاری لەسەر جالاکی یەکانی خۆی کە هەموو کاتیک لەبەردستی دادەبێت بۆ هەڵی کارو بەشداریکردن لە جالاکی هونەریەکاندا

## 13. ڕێگەی وانە ووتنەوە

من وەک مامۆستای وانە چەند شێوازێکی جیاواز لە وانە وتنەودا بەکاردەهێنم بۆ ڕەچاوکردن لە جیاوازی تاکەکەسی ئاستی فێربووندا.
بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە وە پرۆسەی وانەوتنەوە لەم کۆرسەدا پاڵپشت دەکرێت بە ئەزموونی ساڵانی پێشووم وە بە ڕەچاوکردنی فیدباکە ئەرێنیەکان و نەرێنیکانی تۆمارکراو.
داتاشۆ و پاوەرپۆینت، تەختەرە ش
تەختەی سپی، سمارتبۆرد لەگەل مەلزەمە دەبەنە ئامرازی گواستنەوەی زانستی.بۆ خوێندکاران
جگەلەم ریگایانە گفتوگۆی بەرامبەری یەک بۆ یەک بەکاردەهێنم لە پرۆسی خوێندا توتوریاڵ

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن

لەم سیمستەرە نمرەبەم جۆرەی خوارەوە دابەش ئەکرێت.

**خولی یەک**

جالاکی ١٠ نمرە
تیۆری ١٠ نمرە
پراکتیکی ٢٠ نمرە
کۆی گشتی خولی یەک کۆشش ٤٠ نمرە

**خولی دوو**

تیۆری ٣٠ نمرە
پراکتیکی ٣٠ نمرە
کۆی گشتی سیمستەری دوو خولی دوو ٦٠ نمرە
کۆی گشتی سیمستەر دوو ١٠٠ نمرە

## 15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

- ئەنجامەسەرەکیەکانی کۆرسەکە ڕاهێنان و مەشقکردن و ئامادەکردنی قووتابیە بۆ دواقوناغەکانی خوێندنی بەکالۆریۆس و وە دواتر لە سەر بنجینەێکی زانستیانەی تیۆری و پراکتیکیدا
- ئامانجەکانی ئەم کۆرسە فێربوون وەک پێوەرێک بۆ پەرەپێدان و پرۆسەی ووردکاری بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی فێرخوازەکان لە کاتی تەواوکردنی کۆرسکەدا کارامەیی و زانیاری پێویست بەدەست بهێنن لە وانەی دارشتنی پرۆسەی دامەزراندنی پەیکەر.
- ئامانجی پرۆگرامی کۆرسەکە لەسەر پراکتیکردنی پرۆسەی پەیکەری دامەزراو لە پەیکەرسازیدا، تێگەیشتن لە کەرستە و پرۆسێسی هزری بەرەوپێش دەبەن،کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پراکتیکی ستودیۆیی بەردەوام

## 16. لیستی سەرچاوە

Herbert George,(13,oct 2014),The elements of Sculpture, Phaidon Press

, New York
Edgar payne, January 1st , 2005,composition of outdoor painting , DeRu Fine Arts, United States

https://www.timeout.com/newyork/art/top-famous-sculptures-of-all-time
https://www.creativebloq.com/digital-art/tips-composition-31514496

Best Overall Book on Art Composition: Picture This: How Pictures Work
Best Art History Book on Composition: Color and Light: A Guide for the Realist Painter
Best Book on Landscape Painting Composition: Landscape Painting Inside and Out: Capture the Vitality of Outdoor Painting in Your Studio with Oils
Best Book on Photography Tutorials and Art Composition: The Secrets to Amazing Photo Composition: 83 Composition Tools from the Masters
Best Book on Outdoor Painting and Art Composition: Composition of Outdoor Painting
Most Practical Book on Art Composition: Capture The Magic

Jay Hambidge,1967,The Elements of Dynamic Symmetry, ISBN: 9780486217765, 0486217760 ,Dover Publications

| 17.بابەتەکانی تیۆری | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| 1<br>سەرەتایێک لەسە ربابەتی پەیکەری دامەزراو وئامانجەکانی<br>قووتابی وەک سەرەتایێک فێری گرنگی پرۆسەی بابەتەکەئەکات لە هەر پرۆژەیێکی هونەریدا | د٠ئازاد کریم محمد<br>2 کاتژمێر<br>4202-1-8 |
| 2<br>گرنگی پرۆسەی دامەزراندنی پەیکەر لە پرۆژە هونەریدا<br>قووتابی فێر دەبێت کەپەیرەوکردنی پرۆسە کە بە شێوێکی زانستی، کەئەمە تەنها ڕێگایێکە بۆ ئاست بەرزیکردنی هەر پرۆژەیێکی هونەری | د٠ئازاد کریم محمد<br>2 کاتژمێر<br>2024-1-15 |
| 3<br>خوێندکار ئاشنای تەواوی ئەبێت لەسەر جۆر<br>پەیکەری دامەزراو | د٠ئازاد کریم محمد<br>2 کاتژمێر<br>2024-1-22 |
| 4<br>خوێندکار ئاشنای تەواوی ئەبێت لەسەر جۆری دانانی پەیکەر | د٠ئازاد کریم محمد<br>2 کاتژمێر<br>2023-1-29 |
| 5<br>جۆرەکانی بنکە<br>خوێندکار ئاشنای تەواوی ئەبێت لەسەر جۆری دارشتن جۆرەکانی بنکە | د٠ئازاد کریم محمد<br>2کاتژمێر<br>2023-2-5 |
| 6<br>هەڵسەنگاندنی کاری هونەری ئاست بەرز وە ئاست نزم<br>دە بێتە هۆی فەربوونی قووتابی بۆ خوێندنەوەی رەخنەی لە رووی بەهای جوانی بەرهەمە هونەری کە ئەمەش راستەوخۆ بیرو هۆشی خوێندکار گەشە پێ ئەکات | د٠ئازاد کریم محمد<br>2 کاتژمێر<br>2024-2-12 |

| | |
|---|---|
| 7<br>فەربوونی قووتابی بۆ خوێندنەوەی رەخنەی لە رووی بەهای جوانی بەرهەمی هونەری هونەرمەندانی خاون ئەزموون لە ئەنجامی لەکۆلینەوەدا کە ئەمەش راستەوخۆ بیرو هۆشی خوێندکار گەشە پێ ئەکات | د٠ئازاد کریم محمد<br>2 کاتژمێر<br>4202-2-19 |
| 8<br>سیڤی و پۆرتفۆلی<br>گرنگی سیڤی و پۆرتفۆلیۆ لە دابین کردنی هەڵی کاردا لە دوای دەرجوونی ئەکادیمی لە بوارەجیاجیاکاندا وەک مامۆستایی یاخود لە سەکەتەری تایبەت یان لە بواری پیشەسازی کلتورید | د٠ئازاد کریم محمد<br>2 کاتژمێر<br>2023-2-26 |
| 9<br>**پرۆسەی تەکنیکی**<br>خوێندکار فێری سەرەتای دەستپێکردنی پرۆژەکەی ئەبێت کە زوور گرنگە وە پێوویستە زۆر بایەخ بدات بەم قۆناغە بۆ تێک نەجوون و درز نەبردن ونە کەوتنی کارەکەی | د٠ئازاد کریم محمد<br>٤ کاتژمێر<br>2024-3-4 |
| 10<br>**دەست بەکاربوون بە مادەی قوور** | د٠ئازاد کریم محمد<br>٤ کاتژمێر<br>2024-3-11 |
| 11<br>**بەردەوام بوون لە سەرپراکتیکی ستۆدیو**<br>لەگەڵ جاودێری مامۆستا وفیدباک | د٠ئازاد کریم محمد<br>٤ کاتژمێر<br>2024-3-18 |
| **12**<br>**بەردەوام بوون لە سەرپراکتیکی ستۆدیو**<br>لەگەڵ جاودێری مامۆستا وفیدباک | د٠ئازاد کریم محمد<br>٤ کاتژمێر<br>2024-3-25 |
| 13<br>**بەردەوام بوون لە سەرپراکتیکی ستۆدیو**<br>لەگەڵ جاودێری مامۆستا وفیدباک | د٠ئازاد کریم محمد<br>٤ کاتژمێر<br>2024-4-1 |
| 14<br>**دروست کردنی قالبی گەچ لە کاتێکدا کارەکە بە مادەی قور دروست کرابێت**<br>خوێنکار فێری پرۆسەی دروست کردنی قالب دەبێت | د٠ئازاد کریم محمد<br>٤ کاتژمێر<br>2024-4-8 |
| 15-<br>**دارشتنی کارەکە بە مادەی کەچ**<br>خوێنکار فێری پرۆسەی دارشتن ئەبێت بۆناو قالب لەگەڵ مادە جیا جیا کانی تر وەک مۆم ،پۆلێستەر ،کانزاکان | د٠ئازاد کریم محمد<br>٤ کاتژمێر<br>2024-4-15 |
| 16<br>**ئامادەکردنی بۆ قۆناغی روتووش و پەتینا** | د٠ئازاد کریم محمد<br>٤ کاتژمێر<br>2024-4-22 |

| | |
|---|---|
| **کردن ئەگەر پێویستی بێبێت**<br><br>لەم قۆناغەدا خوێندکار فێری ئەوە ئەبەت کە جۆن بایەخ بدات بە فینیشینگی دوا قۆناغی کارە هونەریەکەی پێش ئەوەی بجێەتە بەردەست مامۆستاو بۆ پلەدانان لە تاقیکردنەوی کۆتایی سیمستەر وە هەر وەها بەر دەست بینەر لە پێشنگاکاندا | |
| 17<br>**کـۆتای پرۆژەکە لەگەل فینیشینگی کە بەتواوی ئامادەکرابێت بۆ پلەدانان وە نمایشکردنی**<br><br>ئەم قۆناغە زۆرگرنگە بۆ خوێندکار، فێری ئەوە ئەبێت کە جۆن چێژ لە کۆتای پرۆژەکەی وەرگرێت ئاهەنگ بگێرێت و پیرۆزبای لە خۆی بکات وەئامادەباشی بکات بۆ گفتو گۆکردن لەسەر کارەکانی لە کاتی نمایشکردنی، وە سەرجەم پرۆسەی کارەکەی بخاتە ناو پۆرفۆلیۆکەیە وە وەئامادە باشی بکات بۆ پرۆژێکی تری نوێ | د٠ئازاد کریم محمد<br>٤کاتژمێر<br><br>2024-4-29 |
| تاقیکردنەوەی کۆتایی خولی یەک | ٤ـ٥ تا ١٨ ـ٥ـ٢٠٢٤ |
| تاقیکردنەوەی کۆتایی خولی دوو | ٢٨ـ٥ تا ٤ ـ٦ـ٢٠٢٤ |

## 19. شێوازی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان

- **ئەو هۆکارانە جین کە وائەکات جاوی بینەر نارەحەت بێت لەکاتی سەیرکردنی کارەکی هونەریدا ؟-**
- **جۆن ئەتوانیت بەرهەمێکی هونەری باش لە خراپ جیاکەیتەوە؟**
- **بۆ چی بۆشایی دوەرێکی گرنگ ئەگێرێت لە سەرکەوتن و بەرجەستەکردنی بەرهەمێکی هونەریدا؟**

**ئەم ڕستانەی خوارەوە بەدەستەواژەی راست چەوت وەلام بدەرەوە ، وە ئەو ڕستانەی کە چەوتینش ڕاستیانکەرەوە.**
**نموونە:**

- توخمەکانی روناکی و سێبەر بە شێکی گرنگن لە پرۆسەی دارشتن .راستە
- ئاراستە گرنگ نیە لە کاتی دارشتنی پرۆژێکی پەیکەرسازیدا .جەوتە

ئاراستە بەردەوامی بە جاوی بینەر دەدات وەک توخمێکی سەرکی دەور ئەبینێت لە ئارامی وسەقامگیری باری دەرونی بینەر.

**ئەم بۆشایانەی خوارەوە بە ووشەی گونجاو پرکەرەوە**
لە پرۆسەی دارشتندا ---------- وائەکات کارەکەت پەیوەست بکەیت بە رابردوو یان دوارۆژ .(رووناکی، شوێن، ١- بیرەوەری، کات، بۆشایی ).

## 20. تێبینی تر

هیوادارم ئەو مەتیریالا نەی کە باسم لێوکردوەلەم کورس بووکە وەک ئامارازی وانەوتنەوەلە کۆلێجەکەماندا دەست کەوێت

## 21. پێداچوونەوەی هاوەڵ

پاش پێداجوونەوەوخوێندنەوەێکی وورد بۆ ئەم کۆرسبووکە، کە شێوازی دابەشکردنی وانە کان لە لایەن مامۆستای پسپۆرەوە زۆر سەرنج ڕاکێش و پر لە ئەزموونە. زۆر بە ووشیاریانە پرۆسەی تێکرای ١٧ وانەی خوێندنی ئەم سیمستەرەی دابەش کردوە ، کەئەمەش وا لە قووتابی ئەکات بەتەواوی لە وانەی بابەتی پەیکەری دامەزراو بگات لەم رووانەوە: راهێنانی قووتابی بە شێوەی تیۆری ،پراکتیکی، گفتوگۆ،جالاکی یەکانی خوێنکار، ، شێواز دانانی پرسیارەکان، دابەشکردنی نمرەکان،تێگەیشتنی قووتابی بە شێوەێکی گشتی لە تێکرای پرۆسەی وە بەرهەم هێنانی کارێکی هونەری سەرکەوتوو..

م .كاروان رەشيد حسن
پسپۆری ورد پەیکەرتاشین